به بۆنەی بیست و هەشتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# هەڵسەنگاندنێکی گۆڤاری ڕامان

**د. بەختیار سەجادی**
**(سنە)**

**بەڕێزان:**

سڵاوتان لێ بێت! هەمووتان بەخێر بێن. بە ڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە و مایەی شانازییە بۆ هەموومان کە بەشدارین لە فیستیڤاڵی گۆڤارێکدا کە بیست و حەوت ساڵە دەردەچێت، لەو بەشەی گۆی زەویدا، واتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بزووتنەوەکان کورتخایەنن. ڕەوشی بزاوتەکان لە کۆمەڵگەیەکی سەقامگرتوودا بەم شێوەیە نییە، بەڵکوو بزاوتەکان دەتوانن بەبێ ئاستەنگ درێژە بە ژیانیان بدەن و هەردەم لە گەشانەوەدا بن.

ڕۆژنامەی تەتلێر لە لەندەن لە ساڵی ١٧٠٩دا یەکەم ژمارەی دەرچووە؛ ڕۆژنامەی گاردیەن کە ئێوە هەمیشە لە هەواڵەکاندا ناوەکەی دەبیستن تەمەنی لە دوو سەدە زیاترە، زۆر نموونەی تری لەم چەشنەشمان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک هەر کورد، بەڵکوو بە فارس و بە تورک و عەرەب و نەتەوەکانی تریشەوە لەبەر کۆمەڵێ هۆکار، بزاوتە ئەدەبی و فیکرییەکان کورتخایەنن، تەنانەت شێوەی بیناسازیشمان هەر بە هەمان شێوەیە، ئەوەتانێ خانوویەک لە هەولێر و سنە و سلێمانی کە هەمووی سی ساڵە دروست کراوە، بە کۆنکەوتە دادەنرێت، دەڕووخێنرێت و لەبری ئەوە باڵەخانەیەک بینا دەکرێت، کەچی لە لەندەن و پاریس و بەرلین زۆر ئاساییە خانوویەک سەد ساڵ لەمەوبەر دروست کرابێت و ئێستاش خەڵکی تێدا بژیت.

ڕامان توانی بیست و حەوت ساڵ بەردەوام بێت، ئەوەندەی من ئاگادار بم لە کوردیی ناوەندیدا، واتە لە کورمانجیی ناوەڕاستدا، گۆڤارمان نییە ئەو ماوە دوورودرێژە بەبێ ڕاوەستان لە دەرچوون بەردەوام بووبێت. لە کوردیی سەروو، یان کورمانجیدا، گۆڤاری بەتەمەنترمان هەیە. گۆڤاری نووبهار لە باکووردا سی و یەک ساڵە دەردەچێت.

لە کوردیی ناوەندیدا، سروە، یادگارەکەی مامۆستا هێمن، تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە گۆڤاری مەهاباد دەردەچێت، بەڵام وەکوو ماوەی دەرچوون ئەوەندەی من بزانم ڕامان لە ڕووی بەردەوامبوونەوە کەم گۆڤاری تری دەگاتێ.

ئەو جیدییەت و ماندوویی نەناسییەی ستافی بەڕێزی ڕامان دەکرێت وەک نموونەیەکی باش ڕەچاوی بکەین، نەک هەر بۆ گوتاری ڕۆشنبیری، بەڵکوو بۆ گوتاری ئەکادیمیکیش. لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک لێک ئاڵاون، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە ڕۆشنبیریی کوردی و فارسی و عەرەبی، تەنانەت تورکیشدا ئەو دوو گوتارە لە یەکتر دابڕاون، بۆیە دەڵێم «تەنانەت»، چونکە تورکیا لە ئەورووپا نزیکترە، ڕۆشنبیری و ئەکادیمیا لای ئێمە مخابن بوونەتە دوو گوتاری جیاواز، بە دوو کۆمەڵە

ئەندامی جیاواز و دوو دامەزراوەی جیاوازەوە.

من پێم وایە کە هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە هەموو کوردستاندا، هەر کامیان هەڵگری کۆمەڵێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنین. گوتاری ئەکادیمیک دەتوانێ خاڵە ئەرێنییەکانی گوتاری ڕۆشنبیری بقۆزێتەوە و بە هەمان شێوە گوتاری ڕۆشنبیری دەتوانێ کەڵک لە خاڵە ئەرێنییەکانی گوتاری ئەکادیمیک وەربگرێت.

ڕامان دەچێتە ئەو بوارەوە کە بە شێوەیەکی گشتی بە گوتاری ڕۆشنبیری ناو نراوە. ڕامان تەنیا ئاوڕی لە ئەدەب نەداوەتەوە. ڕامان کە دەرچوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ناوەڕۆکەکەیدا گرنگی داوە بەوەی بابەتەکان بەش بەش و پۆلێنکراو بن، ئەمە ڕەنگە ئێستا ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام ڕەچاوکردنی ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٩٦دا سەرنجڕاکێشە. هەر ئێستا لە کوردستاندا گۆڤار دەردەچێت ناوەڕۆکەکەی بەش بەش نییە.

وەک خوێندوومانەتەوە، ئەرستۆ یەکەم کەس بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی پۆلێن کرد، کتێبی مێژوویی لە لایەک و ئەدەب لە لایەک و هەتا دوایی. ئەو بەشانەی کە ڕامان پۆلێنی کردن، ئەگەرچی پێشتریش هەبوون، بەڵام ڕامان بایەخی زۆرتری پێ دان و کۆمەڵێ بەشی تازەشی بە خوێنەرانی ناساند، بۆ نموونە ئەدەبی نامەکاری، یان بەشی ڕانانی کتێب، مۆسیقا و ڕەخنەی فیلم.

لە ڕووی قەبارە و ڕواڵەتیشەوە، بە تایبەت لە چەند ساڵی یەکەمدا، زۆر گەورە و جوان دەهاتە بەرچاو. ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، واتە ١٩٩٩ی زایینی، من لە تاران خوێندکار بووم، لە قۆناغی تەواوکردنی ماستەردا بووم. لەگەڵ یەک دوو هاوڕێدا چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕامان)مان برد بۆ نووسینگەی گۆڤاری کارنامە، زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لە گۆڤاری کارنامەدا کاریان دەکرد ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بوون. یەکێک لەو بەڕێزانە ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لێرە ئامادەیە کە ئەویش مامۆستا حافزی مووسەوی، شاعیری بەناوبانگی ئەدەبی فارسییە. لەو سەردەمەدا مەنووچیهر ئاتەشی بەرپرسی بەشی شیعر بوو، دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد، مامۆستا حافزی مووسەوی لە شوێنی ئەو دانرا. ئێمە کە (ڕامان)مان پیشانی ئەو بەڕێزانە دا، سەریان سووڕ ما، بڕوایان نەدەکرد. پرسیاریان کرد ئەمە لە کوێ دەردەچێت؟ ئەوان نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە گۆڤارێکی گەورەی دووسەد لاپەڕەیی بەو کوالیتە بەرزەی چاپەوە بە زمانی کوردی دەردەچێت! پرسیاریان کرد ئەمە وەرزنامەیە؟ وتم نا، مانگنامەیە. سەریان سووڕمابوو، چلۆن گۆڤاری وەها ڕێکوپێک، ئەویش بە کوردی هەموو مانگێک بڵاودەکرێتەوە. ڕامان توانی ئەو دیدە بۆ زمان و ئەدەب و چاند لە ناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی فارسدا تا ڕادەیەک بگۆڕێ.

ڕامان بیست و حەوت ساڵە هەموو ٥ی مانگێک دەردەچێت. لەوانەیە ئەمە ئێستا ئاسایی بێتە بەرچاو، بیست ساڵ و چەند ساڵ لەمەوبەر ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا ئاسایی نەبوو. وەک لە بیرتانە، کە کەناڵی سەتەلایتی تەلەڤیزیۆنی دامەزران، لە کاتی تەماشاکردنی بەرنامەکاندا لە پرێکدا لەسەر شاشەکە دەنووسرا لەبەر کێشەی تەکنیکی بەرنامەکە پچڕا. کە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان وەک یەکەم کەناڵی سەتەلایتی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا، من بە بەرپرسانی ئەوسای کەناڵەکەم دەکوت ئەمە ئیدی کەناڵێکی ناوچەیی نییە و هەموو دنیا دەیبینێت، بۆیەش دەبێ هەواڵەکان ڕێک بە چرکە لە کات و ساتی خۆیدا پێشکەش بکرێن.

ئەگەرچی ئەم تایبەتمەندییانە ئێستا بۆ هەمووان ئاسایی دێنە بەرچاو، بەڵام لە بیرمان نەچێت لەو قۆناغەدا زۆر جار تەوقیتی بەرنامەکان بە ئاسانی تێک دەچوون. ڕامان ئەگەر ئێستا لە کات و ساتی خۆیدا دەردەچێت گرنگ نییە، بەڵام چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر گرنگ بوو. ئەم جیدییەت و دڵسۆزییە پێویستە لە گوتاری ئەکادیمیکیشدا ڕەچاو بکرێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە گوتاری ئەکادیمیکی کوردی دەبێ چاوی لێ بکات و وەک نوێنەک سەیری بکات. گوتاری ڕۆشنبیری، کە بەداخەوە ژمارەی دامەزراوەکانیشی کەمن، لە هەندێ نموونەیدا زۆر بە

باشی لە ڕووی ڕەچاوکردنی مۆرکەکانی بڵاوکردنەوەوە دەرکەوتووە.

ڕامان لەو سەردەمەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیی بوو، دەورێکی ئەرێنی گێڕا. وەبیرهێنانەوەی شێوەی هەڵسوکەوتمان لە ڕابوردوودا و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەمان لە ڕابوردوودا زۆر سوودبەخشە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەر دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر یەکیان گرتەوە، لە ڕواڵەتی کابینەی پێنجدا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، کەچی زۆری خایاند تا هەندێ دامەزراوەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک یەکیان گرتەوە، لەو قۆناغەدا ڕامان دەستپێشخەر بوو.

کەم نووسەر و شاعیری کورد هەیە لە ڕامان-دا بابەتی لێ بڵاونەکرابێتەوە، یان لەسەری نەنووسرابێت. ئێمە ئەو کاتە لە سنە کە زانیمان لە ژمارەی ٤٩ی گۆڤارەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕامان فایلێکی تایبەتی بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی نووسەری ناوداری کورد، بەختیار عەلی کردووەتەوە، زۆرمان پێ خۆش بوو. شەڕی ناوخۆ تەواو بووبوو، بەڵام شەڕێکی سارد هەر لە ئارادا بوو. ڕامان لە هەولێر دەردەچوو و ئاوڕی لە نووسەرێکی دیاری دەڤەری سلێمانی دایەوە. ئێمە ئەمەمان وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لێک دەدایەوە. پێویستە ڕێز لەو دەورە ئەرێنییە بگرین کە ڕامان لەو قۆناغەدا گێڕای.

هیوادارم ڕامان هەردەم بەم گوڕ و تینەوە لە پێشکەوتندا بێت و ڕووی لە گەشەکردنی زیاتر بێت. هیوادارم ڕامان ڕەخنەگرانەتر بێت. پێویستە ڕامان و هەموو چاپەمەنییە کوردییەکان بە هەستیاریی زیاترەوە گرنگی بدەن بەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە. زۆر جار بینیومانە بابەتێکی ئاست نزم لە گۆڤارێک و ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەبێتەوە، کەچی پێشتر لە هەر لە هەمان گۆڤاردا بابەتی تێروتەسەلتر دەربارەی هەمان بابەت بڵاوکراوەتەوە. کە دەڵێم ڕووی لە گەشە بێت، مەبەستم ئەوەیە ڕامان ڕێز لە ڕابوردووی خۆی بگرێت.

ڕامان پێویستە زیاتر لە گوتاری ئەکادیمیک نزیک بێتەوە، هەرچەندە پێشتریش بایەخی بەم پرسە داوە. من ناوی بەڕێز د. حەمید عەزیز-م یەکەم جار لە (ڕامان)دا بینی. وەک دەزانن بەڕێزیان زۆر بە هێمنی و بە پڕ کارییەوە، لە نووسینی بابەتی فەلسەفی بە زمانی کوردی بەردەوام بووە. گرنگیدانی ڕامان بە ئەکادیمیسیەنەکان خاڵێکی ئەرێنیی گۆڤارەکەیە. ڕامان کۆمەڵێ مامۆستای لە بواری ڕەخنەی هونەردا ناساند، ئەمەش لەو ڕووەوە گرنگە کە ئێمەی کورد لەو بوارەدا کڵۆڵین و لەم ڕووەوە زۆرمان گەشە نەکردووە.

لێرەدا پێویستە یادبکەین لەو بەڕێزانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەوریان لە دامەزراندن و بەرەوپێش بردنی گۆڤارەکەدا گێڕا، وەک شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، کاک سەرۆ قادر کە لێرەیە، هەروەهاش مامۆستا ئازاد عەبدولواحید. کاک ئازاد عەبدولواحید چەندان جار چارەسەری نەخۆشیی خۆی و خێزانی خستووەتە پەراوێزەوە بۆ ئەوەی بە کارەکانی ڕاماندا ڕابگات. جارێکیان بە مەبەستی گەشەپێدانی زیاتری ڕامان و دیدار لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژهەڵات هاتبوو بۆ سنە، دوکتۆر پێی وتبوو مەڕۆ بۆ سەفەر، چونکە ئەتۆ نەخۆشیت، بەڵام گوێی نەدابوو و هاتبوو، کە گەیشتە سنە، کەوتە خەستەخانەوە. من چووم بۆ خەستەخانە بۆ لای و پێم وت کاک ئازاد بریا نەهاتبای. کاک ئازاد زەحمەتی زۆری بۆ ڕامان کێشاوە و لەم پێناوەدا کەسێکی ماندوویی نەناسە. من وەکوو کوردێک شانازی دەکەم کە کەسێکمان تێدا هەڵکەوتووە بە ناوی ئازاد عەبدولواحید.

ڕامان لە سەردەمە سەختەکاندا بەرهەمی نووسەرانی کوردی هەموو پارچەکانی بڵاودەکردەوە، هیوادارم ئەو ڕۆحیەتە و ئەو گرنگیدانە بە ناسنامەی کوردستانیبوون لە هەموو چاپەمەنییەکاندا پەرە بسێنێت. من ئەو دەستەواژەی یەکەمین فێستیڤاڵی ڕامان کە لەسەر ئەم تابلۆیە نووسراوە وەک ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ئازاد عەبدولواحید تەماشای دەکەم، هیوادارم هەردەم تەندروست بێت و بەردەوام بێت لەو ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەی دەرکردن و بووژاندنەوەی گۆڤارەکە.

**گوتاری پێشکەشکراو لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی یەکەم فیستیڤاڵی ڕامان.**